www.kurdistannet.org
5-6-2003 21:37

# بانگەوازێك سەبارەت بە رەوشی پەنابەرانی كورد لە كەمپی رومادی

- بۆ بەرێزسەركردایەتی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق. .
- بۆ بەرێز لیژنەی بالآی كاروباری پەنابەران لە UN. .
- بۆ بەرێزرێكخراوی خاچی سووری نێودەولەتی. .
- بەرێزان لە حزب و لایەنە سیاسییە عێراقییەكان. .
- بەرێزان تەواوی هێزو لایەنە ولآتپارێزەكانی كوردستان. .
- بۆبەرێز رێكخراوەكانی مافی مرۆڤ. .

بەهۆی بارودۆخی سیاسی كوردستان رۆلەكانی گەلی كوردستان لە هەر چوار پارچەی كوردستانەوە تووشی دەربەدەریو ئاوارەیی هاتوونوپەرِاگەندەی ولآتان بوون.

لەرۆژهەلآتی كوردستاندا ژمارەیەك هاولآتی كورد پەراگەندەی عێراق بوونەو لەچەند كەمپێكدا كۆكراونەتەوە یەكێك لەو كەمپانە، كەمپی ( رومادی) پەنابەرانی رۆژهەلآتی كوردستانە، كەكەوتۆتە ناوچەی (ﯕﯖﯖ Ô) لەسەر رێگای دەریاچەی حەبانیە و٢٣ بیست و سێ سالە ئەو پەنابەرانە لەوێ دەژین، كە بریتین لە ٣٠٠٠ بنەمالەو سەرجەم دانیشتوانەكەیان دەگاتە ١٣٠٠٠سێزدە هەزار كەس، لەگەلٓ رووخانی دكتاتۆریەت لەعێراقدا ئەو پەنابەرانە تووشی بارودۆخێكی خراپ هاتوون سەرەڕای كەمی خۆراكو داوو دەرمان ماوەیەكە ناوە ناوە لەلایەن عەرەبی ناوچەكە هێرشیان دەكرێتە سەرو تائێستا چەند كەسێكیان لێ شەهید كراوە.

داوا لەهەموو لایەكتان دەكەین پارێزگاری ئەو كەمپە بكەنو لەهەر هەرەشەو دەستدرێژییەك بیپارێزنو خۆراكو داوو دەرمانی پێویستی پێبگەیەنن ئەمەش ئەركێكی مرۆڤ دۆستانەی هەر هەموو لایەكەو پاراستنی ئەم كەمپەو تەواوی كەمپەكانی تری پەنابەران دەكەوێتە ئەستۆی ئێوە.

لەهەمان كاتدا داواكارین كەمپی پەنابەرانی باكووری كوردستان كەلەمەخموورە بپارێزرێو پێداویستی داوو دەرمانو خۆراكی بۆ دابین بكرێت بۆ ئەوەی وەكو كەمپی رومادی پەنابەرانی رۆژهەلآتی كوردستانی بەسەر نەیەت، چاوەڕوانی هیمەتی مرۆڤدۆستانەو مەردانەی هەموولایەكتانین.

لەگەلٓ رێزماندا.

مەكتەبی سیاسی

یەكێتی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان

YNDK

٢٠٠٣/٦/٥

www.kurdistannet.org كوردستان نێت